The Centre of Halabja Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# رونكردنەوەی ناوەندی چاك
# بۆ خێزانو كەسوكاری ئەنفالكلراوانی گەرمیان

لە بەرواری 2006/10/10دا, ناوەندی چاك راگەیاندنێكی سەبارەت بە هێنانەوەی تەرمی ئەنفالكراوەكانی گۆڕی بە كۆمەڵی حەزەر بڵاوكردەوە, كە بە پێی گوتەی سەرچاوەیەك لە ( لێژنەی گۆڕەبە كۆمەڵەكان) كە بۆ رۆژنامەی خەبات ژمارە 2290 بەرواری 8ی تشرینی یەكەمی2006 ی ئاشكرا كردووە, سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان فەرمانی داوە بە هێنانەوەی تەرمەكانی گۆڕی بە كۆمەڵی حەزەر, ئێمەش وێڕای دەستخۆشی لەو هەنگاوە, كە ساڵەهایە خێزانو كەسوكاری ئەنفالكراوانی گەلەكەمان بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی تەرمی رۆڵەكانیانن, هەروا لەو راگەیاندنە هەڵویستی خۆمان خستۆتە روو, گوتومانە( لە دەرهێنان, ناسینەوەو گواستنەوەی ئەو تەرمانە و گەیشتنەوە دەست خێزانو كەسوكاریان, وردەكاری و شارەزایی زۆری گەرەكە )

چونكە ئەمرۆ كێشەی گۆڕی ونبوو بێسەرو شوێنانلەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بایەخی زۆری پێدەدرێو بە وردیو ترسەوە دەستیان لێدەدرێت, وەك مەتریالێكی پیرۆز هەڵسوكەوت لەگەڵ ئێسكو پروسكو پارچەكانیان دەكرێت,هەروا مافێكی رەوای خاوەنەكانیشیانە كە تەرمی قوربانییەكانی خۆیان بناسنەوەو لە زێدی خۆیانو بە پێی دابونەریت بە خاكیان بسپێرن.

هەر لەو راگەیاندنەدە, وێڕای ئامادەیی خۆمان بۆ كاركردنو كاری پێكەوەیی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەركە نیشتمانیو مرۆییە, داوامانكردووە لە هەر هەنگاوو پێكهێنانی لێژنەیەك بۆ ئەو مەبەستە خێزانو كەسوكاری قوربانییەكان و رێكخراوو كۆمەڵەكانی ئەنفالكراوان بەشداری پێبكەن, لە لایەكی دیكەشەوە داوامان لە گشت ئاژانسەكانی سەر بە نەتەوە یەكگرتوەكان بە تایبەتی بەشی مافی مرۆڤ ( یۆنامی )و مرۆڤدۆستان كردووە هاوكاریمان بكەن.

لەو راگەیاندنەی چاك بە هیچ جۆرێك باس لە دروستكردنی مینۆمینتی ئەنفاكراوانی گەلەكەمان لە پارێزگای هەولێر نەكراوە, ئەگەر باس بێتە سەر دروستكردنی مێنومێنت بۆ ئەنفالكراوانی گەلەكەمان , ناوەندی چاك باش ئەو راستییە دەزانێ, كە قورسایی شاڵاوەكانی ئەنفال لە گەرمیانە, ئەوەش راستییەكە كەس ناتوانێ نكۆڵی لێ بكات, چونكە ئەوە بەر لەوەی پرسی سیاسی گەلەكەمان بێ, پرسێكی كۆمەڵایەتیو مرۆیی كەسوكاری ئەنفالكراوانە, بۆیە نابێ بخرێتە نێو چوارچێوەی سیاسییەوە.

**ناوەندی چاك ـ كوردستان**

**هەولێر** 15/ 10 / 2006